www.kurdistannet.org
04/04/2002 20:01

# باجگیری لەنێوان بێزاری خەڵك و پاساوەکانی یەکێتیدا!

**زمناکۆ عەزیز**
zmnaco@yahoo.co.uk

**دوای ئەوەی کەدەسەڵاتەکەی یەکێتی نیشتمانی لە ساڵی‌نوێدا باجی سەر هاووڵاتیانی چەند بەرابەر کرد، هەر لە درێژەی ئەم سیاسەتەدا ئەم ماوانە باجگیری زۆر فراوانترکرایەوەو زۆر جێگەی دیکەشی گرتەوە، باجدانان لەسەر کرێی کارمەندان، لەسەر خانوو، لەسەر کاری خەڵك، عەرەبانە، دوکانی کاسبکاران، مێزی دەستفرۆشان، قتعەی دوکان، ئاوو کارەبا، تەلەفۆنات، مولیدە ئەهلی‌یەکان، ...هتد. بەکورتی هەر کەسێك کە داهاتێکی هەبوو باج خرایە سەری! تا کار گەیشتە ئەوەی کە ئەم باجگیری و سەرانە سەندنە وەکو دەورانی عوسمانی لێبێت و کار گەیشتە ئەوەی کە باجی ئاوەڕۆ و خۆڵڕشتن (شارەوانی) لەسەر خەڵك زیاد بکەن، تەنانەت یاسی ئەوەش لەناو خەڵك پەیدا بوو کە بەنیازن باج بخەنە سەر سەتەلایت، لەبەرامبەر ئەم سیاسەتی تاڵان‌و برۆیەی دەسەڵاتداراندا ناڕەزایەتیەکی توند بەڵام ناڕێکخراو، فراوان بەڵام پەرش و بڵاو لەناو هەموو خەڵکدا بەگشتی سەریهەلدا. چونکە خەڵك لەتەواوی خزمەتگوزاری‌یەکان کەمافی سەرەتایی هەر ئینسانێکی ئەم سەردەمەیە بێبەشن، ئاستی ژیان و گوزەرانیان لە خراپترین حاڵەتی خۆیدایە، موچەو کرێی کرێکاران وەڵامدەرەوەی ژیانی هەفتەیەکی خێزانەکانیان نی‌یە. بۆیە ناڕەزایەتیەکان بەشێوەی فراوان لەهەموو جێگایەك شکڵی گرت، بازار و دوکان و ناوپاص وچاپخانە و... هەموو جێگایەك گەرمترین مەسەلەی ڕۆژی بوو بە ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر ئەم بەڵای باجگیری‌یە کە دەستی ناوەتە بینەقاقای خەڵك‌و، هەمووان خوازیاری هەڵوەشانەوەی بوون. کۆمتەی سلێمانی حزبی ئیمە هاودەنگ لەگەڵ خەلك دەنگی ناڕەزایەتی هەلبڕی و لە بەیاننامەیەکدا بانگەوازی خەلکی کرد تا بەڕیزی فراوان و یەکگرتوو بەرامبەر بەو بڕیارە راوەستن‌و دەسەلاتداران ناچار بکەن بە دەستهەڵگرتن لەو سیاسەتەو هەڵوەشانەوەی هەموو بڕیارەکانی تایبەت بەو مەسەلەیە. ئیمە بانگەوازی خەڵکمان کرد کە پابەند نەبن بەو بڕیارانەوەو ملیان پێ نەدەن، وە بۆناچارکردنی ئیدارەی ئەم ناوچەیە ناڕەزایەتی دەربڕن و بەیەکگرتوویی لەپێناوی ئەو خواستانەدا بێنە مەیدان، یەکێتی ناچار بکەن کەدەست لەو سەرانە سەندنە لەخەڵکی هەژار هەڵگرێ‌و وەڵام بەخواستەکانی خەڵك بداتەوە. بەڵام دوای ئەوەی کە ئەم بەیانەی کۆمیتەی سلێمانی حزب لەلایەن خەڵکەوە بەگەرمی پێشوازی لێکراو قسەو ڕێنوێنی‌یەکانی بووە قسەی سەر زاری خەڵك و دەنگی دایەوە، ئیتر بەرپرسانی حیزبیی یەکێتی نیشتمانی کەوتنە پاساو هێنانەوە بۆ کارەکەیان وناڕاستەوخۆش دەستیان کردبە هێرش کردن بۆ سەر حزبی ئێمە، ئەوان لەسەر زاری سەرۆکی شارەوانی و بەرپرسی مەڵبەندی_١_ی ئەم حزبەوە لە سلێمانی جگە لەوەی کە بەچەندین شێواز کەوتنە پاساو هینانەوە بۆ کارەکەیان‌و هەولدان بۆ فریودانی خەڵك، ووتیان "لەهەموو دنیادا باج هەیە، خەڵکیش ئەیدات"، هاوکات لەسەر حزبی ئێمەش ووتیان" ئەوانە دژی ئەزمونە دیموکراسی‌یەکەمانن، کوردستانیان بۆ بکەیتە بەهەشت هەر رازی نابن" ئەمە وەلامی دەسەلاتداران بوو بەو کیشەیەی کە بە باج‌و سەرانە خەلکیان گیرۆدە کردووە.**

**بەلام پرسیار ئەوەیە کە ئێمە کام ئەزمونی دیموکراسی وکام (بەهەشت) ەمان قبوڵنەبووە؟ ئەزمونێك کە ئەزموونی بارهێنانی خەڵکە لەگەڵ برسێتی و مل کەچ کردن بەبڕیارە سەرو خەڵکی‌یەکان؟ ئەزموونی بێئیرادە کردنی خەڵك؟ ئەزمونی قبوڵکردنی نەبوونی و قبوڵکردنی باجدانان وەك ئەمری واقع؟ ئەزموونی تەسلیم کردنەوەی ئەو دەسکەوتانەی کە بەقیمەتی هەزاران قوربانی‌دان بەدەست هاتون؟ ئەم ئەزمونانە لەلای کام ئینسانی شەریف**

قبوڵن؟ کام کرێکار پێی ڕازییە؟ بەقازانجی کام چین وکام بەشی کۆمەڵگایە؟ ئەمانە مەبەستیان کام بەهەشتە؟ مەگەر ئێمە خوازیاری دنیایەکین کە ئیمکانی ئەوەی نییە لەواقع دا ببێت؟ ئایا ناکرێت ئینسانەکانی ئەم کۆمەڵگایە موحتاجی نان نەبن؟ ئایا ناکرێت خەڵك بێکار نەبن و ٨٠٪ی خەڵك بەگیرفانی خاڵییەوە جادە نەپێون؟ ئایا دواکردنی مافەکانمان تاوانە؟ بۆچی سەرانی ئەم حزبە دەسەڵاتدارانە هەموو داهاتی کوردستانیان بۆخۆیان زەوت کردوە و خۆیان لەبەرزترین ئاستی ژیاندابن و هەریەکەیان بەملیۆن دۆلاری لەبانکەکانی ئەوروپا دا ببێت، کەچی خەڵك ئەگەر لەخراپترین ئاستی ژیاندا بێت ئەوان باکیان نییە، بەڵام هەر کە داوای خواستێکی خۆیان بکەن ئەوا بە گێرەشێوێن و ئاژاوەچی و دوژمنکاری ئەزمونەکەیان تاوانباری ئەکەن؟

پێمان دەڵێن باج لەهەموو دنیادا هەیە، نمونەی "ئەووپای دیموکراسی"مان نیشان ئەدەن، دەشڵێن باج بۆ ئەوەیە کە خزمەتگوزاری زیاتر پێشکەش بکرێت، وە قەرزار باریشمان دەکەن بەوەی کە خزمەتگوزارییەکان زۆر زیاترن لەو برە پارەیەی کە لەخەڵك ئەسەنرێت !!!

سەیرە ! ئەم ئیدارەیە هاتووە لە باجدا دەیەوێ وەك ئەوروپا مامەڵەمان بکەن، دەیانەوێ هەموو یاساو بڕیارەکانی (باج) ی ئەوروپا لێرە بەسەر خەڵکدا تەتبیق بکەن، دەی باشە ئەگەر قەرارە بەراوردی ئێرە بە ئەوروپا بکەن بۆچی تەنها لە باجەکەیدا چاوی لێدەکەن و ئەم مەسەلەیە ئەخەنە ئەولەویەتی کارتانەوە؟ بۆچی لەقانونەکانتاندا چاو لە ئەوروپا ناکەن؟ بۆچی وەك ئەوروپا لەچارەسەری کێشەکاندا لەجیاتی قانونی دیموکراسی پەنا بۆ عەشسرەتبازیو کۆنەپەرستی ئیسلامی دەبەن؟ لە جیاتی دەستبردن بۆ بۆچەك دایلۆك هەڵنابژێرن؟ بۆچی بۆ بیمە کۆمەڵایەتیەکان و مافەفەردیو مەدەنییەکان و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان و ...هتد وەك ئەوروپا ناکەن؟ مەگەر داهاتی تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە وەك تاکی ئەوروپایە؟...هتد. ئەگەر ئەمانە واقع بن ئیتر بۆچی سەرۆکی شارەوانی و مسئولی مەڵبەندی یەکی سلێمانی هێندە بەقسەکانی ئێمە سەغڵەتن؟ بۆچینایەن لەجیاتی ئەو هەموو هێرش کردنە بۆسەر هەژاران فکرێك لەباشکردنی گوزەران وحاڵیان بکەنەوە؟ ئەگەر خەیاڵیان کردوە کە ئەو وەڵامانەی ئەوان ناڕەزایەتی خەڵکی هێمن کردۆتەوە ئەوا بەسەهوودا چوون، چونکە خەڵك زۆر لەوە هوشیارترنو هەر ئێستا ئەم مەسەلەیە مەسەلەو گرفتەکانی دیکەشی لە دەروونیدا زیندو کردوونەتەوە. ناڕەزایەتیەك لە دڵی خەڵکدا دروست بووە کە زەورەتی یەکلاکردنەوەی حیساباتی خۆیان لەگەڵ دەسەڵاتداران بووەتە کاری هەر ئێستا.

ڕیگاچارە ئەوەیە خەلك ریزی خۆیان یەکگرتوو بکەنو یەك دەنگ ڕووبەڕووی ئەم تالانو برۆیە رابووەستن.

©Kurdistan Net